کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەشێک لە کاندیدانی دوورخستەوە

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە ڕاگەیەندراوێکیدا ڕایگەیاند، بەهۆی سەرپێچی و پابەند نەبوون بە ڕێکارەکانی کۆمیسیۆن ژمارەیەك کاندیدی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوور خستەنەوە.

لە بەیارەکەی کۆمیسیۆندا هاتووە، لەبەر سەرپێچی و پابەند نەبوونی هەریەك لە هیلین ئەکرەم ، هیمن عومەر و سامان مەحمود ، دیاری هیدایەت، لە ڕێکارەکانی خەناونووسکردن بریارماندا بە دوور خستنەوەیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

هەروەها ئەوەش ڕوونکراوەتە، جگە لە هەلین ئەکرەم کە کاندیدی سەربەخۆیە، حزبەکانی تر ئاگادارکراونەتەوە کە لەماوەی سێ ڕۆژدا بە پێشکێشکردنی ناوی کاندیدی تر بە کۆمیسیۆن، شوێنی ئەو کەسانەی لە هەڵبژاردن دوورخراونەتەوە پڕبکەنەوە.